وانەیەك دەربارەی بەختەوەری لای ئالان بادیۆ ... د. شەونم یەحیا / علی هادی

پرسیار: ئەو شتانە چی بوون کە ژیانی تۆیان بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو برد ؟

بادیۆ / بەر لە ئاشنا بوونم بە بواری شانۆ و فەلسەفە ، ووتەیەکی باوکم هەبوو، لە کاتی جەنگی چیهانی دووەم ، بیگومان ئەمە یادگارییەکی هەمیشە لەبەر چاووم بوو، ڕۆژەوەی ژیانم یان بوونمی دیاریکرد.
لەو سەردەمە تەمەنم شەش ساڵ بوو ، باوکم خەریکی پارتیزانی دژ بە نازییەکان بوو، هەر بۆیەش باوکم کرا بە پارێزگاری تولوس دوای جەنگ، لە ژووورەکەی باوکم نەخشەیەکی جەنگ لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو بەتایبەتی لەبەرەی ڕووسیا . هۆی بەرەی نۆرماندیان پەتك بوو جوڵەی بەرەوپێشبردنی هەر لایەنێکیان لەسەر نەخشەکە بە بزماری بچوك جوڵەی پێ دەکرا ، بۆ ئەوەی هیچ پرسیارێك بکەم .
باوکم پارتیزانیکی نهێنی بوو، لەدەست پرسیاری منداڵەکانی ، سەبارەت بە هەرشتێك لەبارەی جەنگ خۆی دەشاردەوە. لەبەهاری 1944 ڕۆژێك لەکاتی هێرشی سۆڤیەتی لە کریمە ، باوکمم بینی بزمارەکانی سەر نەخشەکە، هەمووی بەرەو دەستی لای چەپ جوڵاندی بە ئاراستەیەك دیاربوو کە ئەلمان شکستیان خواردووە و بەرەو ڕۆژئاوا کشاونەتەوە ، نەتەنیا هەر هێرشی داگیرکەریان پێ ڕانەوستێندرا ، بەڵکو بەشێکی زەویەکانیشیان لەدەست چوو ، لە چرکەیەکدا تێگەیشتم بە باوکم گوت دەکرێ شەڕەکە ببەینەوە ؟ بۆ یەکەمجار وەڵامەکەی زۆر زۆر ڕوون بوو (بیگومان کۆم ، هەر تەنیا بەوەی کە دەمانەوێت سەربکەوین).

پرسیار / ئایا ئەم ڕستەی باوکت بوو بە ڕێنیشاندەرت ؟

بادیۆ / لە هەقیقەتدا ئەمە پەروەردەیەکی باوکانانە بوو، ئەم ڕستەیە بۆچوونێکی لای من دروست کردووە کە هەر چەندە بارودۆخ نالەبار بێ ویست و بۆیار و ئیرادەمان گرنگە و بنەمایە بۆ ژیانمان، لەو کاتەوە دژی بیروباوەری هەژموونداریم ، هەرگیز دەست بەرداری باوەڕی خۆم نەبوومە چونکە ئەم باوەڕە لەگەڵ زەوقی مندە ناگونجێ .

پرسیار / زۆر گرنگی دەدەی بە ویست، لە کاتێکدا یەکی لە تراديسيۆنە گەورەکانی فەلسەفە ، ستێیسیزمیەکان واتا "رەواقیەکان "، نوێنمایی خەڵك دەکەن ، کە دەبێ ئەو شتانەی کە روودەدەن قبووڵمان بێ بێ ئەوەی بەختەوەر بین ، دانایی نیە ئیمەش بەو چیهانە ڕازی بین ، لەوەی هەوڵی گۆرینی بدەین ؟

چارەنوسمان لە ساڵی 1941 وەکو فرەنسیەکان دڵڕاوی چەنگ بووین، ستێیسیزمیەکان لەو بڕوایە دابوون کە باشترە هەموومان ببین بە (پیتینین) کە چنڕاڵکی فەرەنسی بوو سەری بێ نازییەکان دانواند .

"پیتان " جەماوەرێکی زۆری هەبوو لەکاتی گەڕان و سەردانی کردنی پارێزگاکان ، ەنگە وا بزانن کە ئەمە وڵاتی لە وێرانی و کاولکاری جەنگ پاراستووە ، ئایە دەبوو قبووڵمان بکردایە ؟
من گومانم لە "ستێیسیزمیەکان" هەیە و گومان لە (سینك) هەیە ، کە خاوەنی سامانێکی گەورەبوو، لەناو بانێ زۆرینەکەی بانگەوازی قبووڵکردنی ئەوەی هەتە بێت نوسراوە دەکرد . ماتریالیستە تووندەوەکان "ئەبیکۆرییەکان" لەو بڕوایەدابوون رووبەرووبوونەوە دژ بە یاساکانی چیهان جۆرێکە لە عەبەسیەت و ریسك دان بە ژیان لە پێناو هیچ .

پرسیار/ بەڕام ئەنجامی ئەم بروباوەڕە گەیشت بە چی ؟

بادیێ / گەیشتە چۆڕ وەرگرتن لە ئیستا یان لەو کات و ساتەی کە تێدا دەژی ، گەیشتە ئەم ووتە بەناوبانگەی "هۆراس" (لەم ساتەی خۆتدا بژی) . لە دانایە دڵرەنەکاندا تووخمێکی بە تەواویی خۆپەرستی هەیە ، "لەوەی مرۆڤ دەبێ جێگایەکی ئارام لەناو دونیایەکی وەکو خۆی بێ ئەوەی گوێ بدات بەوەی کە ژیانی ئەوانی دیکە لەم دونیایە وێران دەبێ "

پرسیار / ەگی خۆپەرستی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بێ کوێ ؟

بادیێ / ئەمانە هەموویان نەوەی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمای کۆنن ، کە دڵخیان لە دڵخی ئیستای ئێمە دەچێ ، بە تەواوی هەژموونی چیهان دەکەن و هیچ هەوڵێك بێ وێناکردن و رووبەرووبوونەوە یان جێ بە جێ کردنی ەفتارێکی تەواو پێچەوانە ناهەڵنەوە ، دژ بەو سیستەمە ئابووری و سیاسی کەخۆی فەرز کردووە ، ئەم حاڵەتە لە هەموو شوێنکدا بیرکەیەك بڕاو دەکاتەوە کە دەبێت لەگەڵ سیستەمێکی وادا لە پێناو بەدەستهێنانی پێگەیەکی باشتر خۆی بگونجێنێ.
لە ئەنجامدا فەیلەسوفی " واقیعی " دەڵی (لە پێناو ئارامیدا

باشتره دەستبەرداری هەموو دیدگاکانی گۆرانی چیهان بین)
ووتەکەی "باسکال بروکنر" نموونەیەکە لە پارێخوازی تونديەو کە دەڵی " شۆوازی ژیانی ڕۆژئاوا جێگای سازشکردن و گفتوگۆکردن نیە " من سەردانانوێنم بۆ ئەم بۆچوونە ، من شتێکی ترم دەوێ ، ئەمەش وەفاداری منە بۆ دانایی باوکم.

پرسیار / دوای جەنگ پڕۆفیسۆرێك هەبوو ئێوەی بە شانۆ ئاشناکرد ، بۆ ئەم دیدارە چارەنوسازییە ، چۆن شانۆ بوو بە ڕێنیشاندەری ژیانت ؟

بادیۆ / لەکاتی خوێندنمدا ئەوەی بگەیشتبوایتە ئامادەی بیویستایە یان نا یەکسەر وانەکانی (راسین و کورنەی و مولییر) دەخوێند ، تا کۆتایی ساڵی ئامادەیی ، هەموو ساڵێك لەسەرمان بوو لەسەر هەر یەکێك لوانە شانۆ ، لەسەر یەکێك لەوانە ئەمە پڕۆگرام بوو .
بەڵام کەسایەتێك زیاتر لە پڕۆگرامەکە سەرنجتی ڕادەکێشا، ئەمەش لەگەڵ منداڵ ووبدا ، لە دووەم ساڵی ئامادەیی ئاشنابووم بە مامۆستایەکی زمانی فرەنسی کە زۆر بە بایەخیکی زۆر باڵاوە مامەڵەی لەگەڵ شانۆ دەکرد ، ئەمە دەمانتوانی ببین بە بەشێك لەو باڵاییە ، چونکە لە بنەڕەتەوە جوڵە و نمایشەکەی لە خوێندنەکە گرنگتر بوو .
ئەم مامۆستایە گرووپێکی شانۆیی دروست کرد، هەر ئارەزوومەندێك جێگایەکی بۆ خۆی لەناو ئەم گرووپەدا دەدۆزییەوە ، هەروەها هەنگاو بە هەنگاو من و چەند قوتابیەکی تر ، بووین بە ئەکتەرە ، چ دیدارێك بوو ، جارێك لە دابران بوو لە ژیانی ئاسایی و ڕۆتینی، کاتێك کە دەچووین بۆ سەر شانۆ بەرامبەر بە جەماوەر بەرپرسیار بووین لەوەی کە ڕوودەدات ، ئەمەش وەکو چۆن باوکم دیگووت (دەبۆ بتەوێ) واتا ویست، ڕۆڵی سەرەکیم لە شانۆیی (فوریری دی سکابان) بینی ، ئەم پارچەیە چاوی منی کردەوە لەسەر خەڵەتاندن و ووریابوون لە ئاخاوتندا .
هەمیشە خۆم لەبیرە لەکاتی ئامادەبوونم لە ژێر ڕۆشنایی شانۆدا دەلەرزین و هەروەها یەکەم ڕستەم لەبیرە (بەڕاز ئێکتاق ئەمە چیتە چی ڕوودەدات و ئەم گەمەلاوژەیە چیە؟) ، کاتێك کەدەچوومە سەر شانۆ دەبوایە قسە بۆ جەماوەرێکی غەریب بکەم .
بەڵی بۆ ئەوەی شانۆ بکەی ، دەبۆ ویستی سەرکەوتنت بەسەر بەربەستەکاندا هەبۆ، بوونما لێرەیە تەنیا لە جەرگەی روناکی بەرامبەر بە هەمووان، بەر لە نمایشکردن لەناختەوە ئادەچەکیت بەرامبەر بەو مەترسیانە کە هەیە .

پرسیار / ئایە جارێك لە پارێزخوازی خودی کە ئامادەیەکی مرۆیی بۆ

پارێزگاریکردن لە خود لە چیهان وەکو ئەوەی کە هەیە بوونی هەیە ؟

ئالان بادیو / بەڵێ شتێك لەناخی مرۆڤدا هەیە کە پارێزخوازە لە قوناییەوە کە لە خودی ژیانەوە دێت ، بەرلە هەموو شتێك دەبێ لەسەر ژیان بەردەوام بین ، خۆپارێزی و پاراستن وەك چۆن (سپینۆزا) دینوسی (بەردەوامبوون لەسەر بوون) ، کاتێك باوکم باسی ئەوەی دەکرد کە ئەشێ ئیرادە ویست بێ ، بەو مانایەی ئامادەگی پارێزخوازی لە ناخماندایە .
شانۆ ، ئەو ساتەیە کە جەستەی زیندوو لە خزمەتی چیرۆکێکی خەیاڵیەدا ، شتێك لە شانۆدا هەیە لەگەڵ غەریزەیەکی رووت پێکداداەدات . ئەکتەر لە نمایشەکەی بێ لە ئەستێگرتنی مەترسیەکان نمایشکردنی خود رووبەرووی بریارێکی سەخت دەبێتەوە ، زۆر سوباسی مامۆستاکەم دەکەم لە دووەمی ئامادەیی ئەم هەموو شتەتانەم بینی ، شانۆ خولیای یەکەمە و هەموو کات بۆی دەگەڕمەوە.

پرسیار/ بەیەگەیشتن لەگەڵ شانۆ و ناسینی وەکو بۆیار بوو ؟

بادیو / بیگومان پێش هەموو شتێك من کەسایەتێکم ناسی ، ئەویش مامۆستای زمانی فەرەنسیم بوو ، ئەو مامۆستایە وەکو ناوەندگیرێك بوو بۆم ، بۆ ناسینی شانۆ ، ڕێك وەکو ئەوەی ئەفلاتۆن لە کتیبی (مائدە افلاگون)دا ، باس لەوە دەکا کە فەلسەفە خۆی لە خۆیدا پشت دەبەستێ بە ناسینی کەسێك ، چونکە لەڕێگای ناسینی کەسێکی دیاریکراو ئەو پرسیارانە دیتە ئاراوە وەکو ویست و بۆیار و خۆنمایشکردن و پرسی پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی دیکە ، هەموو ئەمانە دەمانخاتە حاڵەتێکی زیندووی گەورە ، بەڵام بە زۆر مەترسی گەمارۆدراوە.

پرسیار/ چاوپێکەوتنەکانی دیکەتان بریتی بوو لە فەلسەفە و خوێندنەوەی "ژان ژاك ڕوسۆ" هۆکاری هەبژاردنی فەلسەفە وەکو ئاراستەیەك لە ژیانتاندا چۆن بوو ؟

بادیو / ئاشنا بوونم بە فەلسەفە لە ڕێگای سارتەر بەردەوامیبوونە لە دانایی باوکم ، من هەمیشە وەفادارم بۆ خاڵکی بنەڕەتی زۆر گرنگی سارتەر کە دەڵێ "ئێمە ناتوانین هەر گفتوگۆ دەبارەی بارێکی دیاریکراو بکەین ، بۆ ئەوەی بگەینە کردارێك یان ئەنجامێك " ئەمەش خاڵکی زۆر گرنگە و چەقی فەلسەفەی سارتەرە ، لێرەدا ئەو هەر تەنیا لەسەر پرسی ئیرادە و کردار راناوەستێت ، بەکو بیری ئازاد ، تەنیا بیری ئازاد ئەتوانێ واتایەك بە بارێکی دیاریکراو ببەخشێ

، ئەو کات دەتوانین دەرباز بین لە بەرپرسیاریەتی تایبەت لە هەر هەڵومەرجێك یان بارودۆخێکدا بێن . ئەگەر ئەو دۆخە وا نیشانیش بدات کە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت یان ویستی ئێمە شتێکی مەحاڵە ، بەکورتی ویستی گەران ئەو دۆخەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی تەواو ئەرکە لەسەر شانی بیری ئازاد ، ئەمە کرێکی فەلسەفەی سارتەرە .

پرسیار / لە چ شتێك فەلسەفە دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بەختەوەر بین ؟

بادیۆ / بەختەوەری ئەوەیە کاتێك کە ئەزانین ئێمە توانای شتێکمان هەیە ، بەڵام بڕوامان نەدەکرد کە بتوانین ئەم شتە بکەین ، بۆ نموونە لە دیداری عەشقدا شتێك هەیە ڕوگری یاخود خۆویستی ئەشکێنی ، ئەوە بەتەواوەتی قبووڵی ئەوە دەکەن کە بوونت پەیوەست بێ بە ئەوەی تر ، بەر لە ئەزموونی خۆشەویستی هیچ بیرکەیەکتان نەبوو دەربارەی ئەم شتانە ، لە ناکاو ڕازی دەبن بەوەی کە بوونت بکەوێتە دەستی مرۆڤێکی دیکە ، هەموو ئەو ووریابوونانەی کە بۆ پاراستنی خۆتان دەتانکرد هیچ کاریگەری لەبەرامبەر ئەوەی تر نابێت ، کە هاتێتە ناو ژیانت لە دوایشدا دەبێ سوود وەرگری لە بەرهەمەکانی ئەم بەختەوەرییە ، هەڵدان بۆ ئەوەی ئەم بەختەوەرییە لە لوتکەدا بمێنیتەوە یان دووبارە بێتەوە ، یان سەرلەنوێ بونیادی بنێتەوە بۆ ئەوەی لەناو ئەم نوێکارییە خۆرسکدا بژی ، دەبێ قبووڵی ئەوە بکەین کە بەختەوەری جاربەجار پێچەوانەی " قەناعەت" کار دەکات .

پرسیار / بۆچی بەختەوەری دژ بە قەناعەت دادەنێ ؟

بادیۆ / بەختەوەری لە بنەڕەتەوە لەسەر یەکسانی دامەزراوە ، چونکە بەختەوەری پەیوەستە بەوەی تر ، لە کاتێکدا قەناعەت پەیوەستە بە خۆپەرستی ، تاك لایەنەیە قەناعەت نامێیە بە یەکسانی ، لە دوایشدا مەرج نیە پەیوەست بێ بە چاوپێکەوتن و بۆیاردان ، قەناعەت کاتێك دروست دەبێ کە جێگایەکی باش لە جیهاندادا دەدۆزیتەوە وەکو کارێك یان وەزیفەیەکی یان هەندێ جار سەفەرێکی نایاب ، قەناعەت بریتیە لەبەکاربردنی ئەو شتانەی کە هەوڵمان بۆی داوە بۆ بەدەستهێنانی ، لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی چێژ لە خۆشیەکان وەربگرین کارمان بۆ پێگەیەکی گونجاو کردووە لە چیهانێکی سەقامگیر ، بۆیە " قەناعەت و چێژ وەرگرتن" سەبارەت بە بەختەوەری وەکو وێنەیەکی تەسکی خودگەراییە و وێنەیەکی سەرکەوتنە بە پێوەری چیهان . هەنگە بڵێ لەم بوارەدا چێژ لە قەناعەتەکان وەربگرن ، ئەمەش هەڵویستێکی زۆر ئاساییە و دابەشکراوە لە نێوان خەڵك لە نێواندا منیش ، بەڵام

وەکو فەیلەسوفێك من ناچارم بڵێم کە شتێکی جیاواز هەیە ناوی لێ دەنێم بەختەوەری ، فەلسەفە هەمیشە مرۆڤەکان بە ئاراستەی بەختەوەری واقیعی هان دەدات ، ئەگەر چی ئەم بەختەوەرییە بەبێ قەناعەت نابێ .

پرسیار / ئەگەر بەختەوەری چۆژ وەرگرتن لە بوونێك یان توانای داهێنانی شتێکی مەحاڵ بێ، ئایە گرانی چیهان مەرجە بێ ئەوەی بەختەوەر بین ؟

بادیێ/ لە چیهاندا پەیوەندیەکی دیالێکتیکە لە نێوان (ئاسوودەی و نائاسوودەی) یان (ئازیبوون ناازیبوون) هەیە ، لەبنەەتەدا ئەمە دیالێکتیکی داوکاریەکانە کە دەتوانین ناوی لی بنین ڕوانگەی سەندیکایی بێ چیهان ، بەڵام بەختەوەری واقیعی فۆرمێکی ئاسایی بێ ژیانی کەمەایەتی نی یە ، چونکە کاتێك داواکارێك بێ وەرگرتنی بەختەوەری پێشکەش دەکەی بە نەرێنی وەڵام دەدرێتەوە ، لەبەردەم دوو بژارەی :
یەکەمیان / خۆتان بگۆڕن دەست بەرداری داواکاریی مەحاڵ بن ، بەختەوەری لێتان قەدەغە دەکەن و ڕاتان دەهێنن کە دەبێ ئازیبن بە قەناعەت ، ملکەچ دەبن ، ئەمەیە سەرچاوەی پارێزگاریکردن یان خۆپەرستی خود .
دووەمیان / هەروەکو لاکان دەڵێ " تەنازول نەکەن لە ویستەکانتان وەکو چۆن باوکم یگووت " نابێ ئابوەستین لەوەی کە دەمانەوێت ، ساتێك هەیە کە ویستی گرانی چیهان دەکات بە ئەرکێك ، لە پێناو رزگارکردنی وێنەی مرۆڤایەتی ئەو وێنەی کە لەناخماندایە ، لە جێگای ملکەچیکردن بێ دەسەاتەکانی مەحاڵ .

پرسیار / کاتێك کە بەختەوەر بین دەتوانین چیهان بگۆڕین ؟

بادیێ / بەڵێ ئەو کاتەی کە دەسزی بیرکەی بەختەوەری بین ، داکۆکیکردن لە بەختەوەری هاوشێوەی ئازبوون نیە ، سەروەرانی دونیا حەزیان لە گۆران نیە ، کاتێك کە بەردەوامی هەدەبژێرن سەرەرای سەختیەکان ، شتێکی مومکین پێیان دەڵێت ئێوە بەهەەدا چوونە ، ئەمەش ئەو کێشەیە لەو ڕۆژانەدا یێنان لەناویدا دەژی . گەلی یێنان دەیانگووت " زوەم و چەوسانەوەی دارایی بانقەکانی ئێوەمان ناوێ ، ئێمە دەمانەوێ بە شێوەیەکی دی بژین " دەزگا ئەوروپیەکان وەامیان داوە بەوەی " دەبێ حەز بکەن لەو شتە کە ئێمە دەمانەوێ ، تەنانەت ئەگەر دژ بە ویستی ئێوەش بێ ، ئەگەر لەسەر نەخواستن بەردەوامبن ، دەبینن چی چاوەیتان دەکات".

کاتێك خەڵك هەڤزی کۆلایەتی خۆبەخش دەکەن ، هەڕەشەیان لێ دەکەن ، واتا یێنانیەکان نایانەوێ لەناو دیالێکتیکی ئازی بوون ناڕازیبوون بمێنەوە ، ئەوان دەیانەوێت بێیار بدەن لەوەی کە شتێکی تر مومکینە و جیاوازە لەوەی کە فەرزکراوە بەسەریان ، جگە لەمە حاڵەتێکی یێتپیا نیە ، چونکە ژمارەیەك لە پسپۆری ئابووری پێیان وایە کە مومکینە دووبارە قەرزی یێنان ڕێکبخرێتەوە یان هەر نەمێنێ ، لەڕاستیدا ئەوەی کە ئای ئەوروپییەکان وەکو مەحاڵ دەبینیت ، لەوەی میللەتێك لەسەر ئەم خاڵە بێیار بدات ، ئەمە سزایەکی ئابووری عەقڵانی نیە بەڵکو سیاسیە ، سزای ویستی بەختەوەرییە بەناوی ئازی بوونێکی ناڕازی.

پرسیار / باسکال دەڵێ " ئێمە هەرگیز ناژین بەڵکو ئومیدی ژیان دەکەین و هەمیشە هیوای بەختەوەریمان هەیە، پێ دەچێ هەرگیز بەختەوەر نەبین" ئایە بەختەوەری راستەقینە وابەستەیە بە بێ ئومیدی ؟

بادیێ / ئەوانەی کە دیسەمێنن لە فەلسەفەدا بەختەوەری مەحاڵە، لە هەمان کاتیشدا پەیمانی بەختەوەریەکی دیکەمان پێ دەدەن ، چونکە ئەوان دەزانن کە ناتوانن چێش و خرێشی خونەر بورژێنن ئەگەر پێیان بڵێن کە بەختەوەری مەحاڵە ، دوای لە ژێر کلاوەکەی ئەوان بەختەوەرییەکی زێر باتر بمان نمایش دەکەن .
من بە تەواوی دژی ئەم تێزەم ، ئەمە پەیمانی ، بەختەوەرێکی خەیاڵی و خەونە و هەرگیز ناتوانی بەدەستی بهێنێ ، چونکە بەختەوەری مومکینە بە شێوەیەکی ڕەها ، بەڵام نەك بەشێوەی ئازیبونێکی پاریزخوازە .
بەختەوەری مومکین لە ژێر مەرجی مەترسیەکانی دیدار و بێیارداندایە ، چونکە لە کۆتای یان بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ هەر ڕووبەڕووی ئەم ڕێکەتە دەبێتەوە .

پرسیار / بەڵام چی دەکەن لەبەرامبەر ناخۆشی و دڵتەنگی : نەخۆشی و ڕووداو بریندابوون لە ژیان و کارەسات ودابران و شێوەکانی ململانێ و بەگژداچوون ؟

بادیێ/ جیاوازی نێوان بەختەوەری و ئازیبوون ، دابەشبوونێکە لە وشەی ناخۆشی ، تەنها لە ناڕازیبوونێکی قوڵدا ناخۆشیەك هەیە، بەڵام دەبێ بزاندرێت تەنانەت لە دڵخی داروخانێکی گەورەشدا دەرگاکانی بەختەوەری بەتەواوەتی داناخرێن ، چونکە پێگە و گرنگی مومکین خۆی دەگوازێتەوە .

بۆ نموونە بۆ کەسێك کە گرفتی قاچەکانی نەبێ و لە تەندروستێکی باش دابێت ، رۆیشتنی چەند هەنگاوێك بۆ ئەوە شتێکی ئەوەندە گرنگ نیە ، بەڵام بۆ کەسێکی تر کە شەڵەل و گرفتی قاچەکانی هەبێ و خەریکە ئەزموونی رۆیشتنی پێ دەکەن ، ئەم هەنگاونانە بۆ ئەوە بایەخێکی یەکجار باڵایە . چونکە بەختەوەری بوونی هەیە لە حاڵەتێکی دیاریکراودا ، ئەویش بە گۆرینی سنووری نێوان مومکین و مەحاڵ ، بە کورتی نابێ ڕۆگا بەوە بدین کە مەحاڵی ڕووت و گشتی بەسەرمان داسەپێنن .

پرسیار / ئەی ناخۆشی چیە ؟

بادیێ/ دەتوانین پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ ناخۆشی بکەین ، وەك نارازیبوونێکی بەهێز لە حاڵەتێك یان دۆخێکدا ، و بڕابوونەیەکی فراوانی مەحاڵ ، دەتوانین بڵێن ناخۆشی جۆرێکە لە دژان یان فەشەل یا کەوتنی بەختەوەرەوی .
لێرەدا یاسای وەفاداری دەهێنمە ناو ئەو هاوسەنگییە ، کە هەمیشە پەیوەستە بە دیدار یان ناسین ، واتا بەختەوەری وەکو بەردەوامیدان لە گەڵان بەدوای وەفاداری ، وەفاداری تاکە مەرجی ئەخلاقیە ، هەرچەندە ئەم مەرجە بۆ هەموو مەترسیەکان گرەنتی نیە . دەبێ دان بە بوونی کارەساتەکانی بەختەوەری دابنێن ئەمانەش چەند جۆرێکن : هەندێکیان لە بڕازاربوونەوە دێت ، یان لە بەجێ هێلان ، ئەوانی دی لە بێ وەفایی و خیانەتکردن .
خراپەکاری لە فەلسەفەدا، ئەوەیە کاتێك خود بەپرسە لە تێکدانی بەختەوەری، کە ناوی دەنێم ڕووخان ئەزموونێکی تاڵە ، هەر وەکو ئەزموونی بەختەوەری پارێزخوازی توند ، کە زۆر حەزیان لە تێکچوونی بەختەوەرییە ، چونکە وەکو بەگەیە بۆ قەناعەتکردن بە بانگەوازەکانیان بەکاری دەهێنن .

پرسیار/ بەڵام پێت وایە کارەسات و ڕووخان باشترە لەوەی کە تێ بونت نەبێ ؟

بادیێ / بە تأکید باشترە ریسك و کارەسات بکەین واتا ریسکی بەختەوەری واقیعی لەوەی ڕۆگری بکەین ، من ناوی لێ دەنیم (نەبوون) ، هەموو ئەو ێیکاریە پارێزخوانەی مرۆڤ ، بۆ مانەوەیەکی ئاژەڵی دەگەڕێتەوە ، ئەویش تەنیا بۆ ڕازیکردن و مانەوە لە پێگەی کۆمەڵایەتیە . " نەبوون" ڕۆگریکردنە لە زاتێکە ، لەوەی تاقیکردنەوە لەو شتانەی کە لە توانایدایە بکات.

پرسیار / ئایە پەیوەندی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی لە مەملەکەتی ئازیکردنی زەرورەتە راستەوخۆییەکان مایە پووچە یان تێکچووە ؟

بادیڤ/ ئەمڕۆ چیهان مۆدێلیك یان فۆرمێکی بنەڕەتی هەیە ، لە ئاڵوگۆرکردن لەگەڵ ئەوەی تردا ، لە سەر بنەمای پرادیگمای بازرگانیکردن ، روون هەموو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوەی دیکە ، بۆ هەندێکی بەرژەوەندی دوولایەنە دەگەڕێتەوە ، بۆیە ئەمڕۆ جیابوونە مەترسیەکی گەورەترە لە رابردوو ، زۆر بە خرایی هەستێکی نا پێگەیشتوو و بێ سوودە .
بەکاربەر، کەسێکی بابەتی هەژموندارە ، ئەوەی کە چیهان بەڕێوە دەبات، سەرداڕەکانمان بە دەڤاوکێ وە بەدواداچوون بۆ ئاستی کۆینی کاڵاکان لەلایەن خەڵکەوە دەکەن ، گریمان لەناکاوە کەس هیچ شتێك نەکڕێن، ئەوا هەموو سیستەمەکە دەروخێ، بۆیە ئێمە دەست بەستراوین بە زەروورەتی کۆینی کاڵاکان هەر لە ڕۆژی دەرچوونیان، لە تازەبوونیان ، سوودی بنەڕەتیان یان ناشیرینێکی تاوانکاری .
بۆیە بە دووری نازانم ئەم نەخشیە یان ئەم پەتایە گەیشتبێتە جۆری پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان ، ئەو پەیوەندییانە کە بەهایەکی فەرمی بە پێشبڕکێ دەدەن.

پرسیار / ئایە ئەوە ستایشی وەفاداری دەکەن؟

بادیڤ/ بە جۆرێك بەڵی ، چونکە سووربوون لەسەر تازەگەری یان نوێکاری بازاڕ زۆر جار دەمامکدراوە لە ژێر پەردەی مادە ، دیاردەیەکە لە بەختەوەری دەدات. وەفاداری بە هەموو شێوەکانی لە ئێستا بەدواوە بەهایەکی هەڕەشەلێکراوە مافی ئەوەمان نیە تا کۆتایی یان هەتا هەتایی بەرامبەر بەکاڵاکان وەفادار بین ، بۆ نموونە ئوتۆمبیلە کۆنەکەمان دەبێ دانەیەکی نوێتر بکڕین ، ئەگەر نا سیستەمە ئابووریی لە ژێر مەترسی دادەبێت، ئەم مەرجە دەچێتە ناو چیهانی کۆ و تاك و زۆر جاریش لێکدابران بەرهەمدێنێ .
بەرامبەر ئەم لێژیکە دەبێ ئەم ووتەی باوکم بە میرات بهێنینەوە " دەتوانین لەسەر ویست و ئەو شتەی کە دەخوازین بەردەوام بین، ئەو شتەی کە دەتویست کە دەزانی و لە تواناتدایە ، تێ دەتوانی ، بۆیە دەبێ بیکەی.

-_____

ئەم چاوپێکەوتنەی ئالان بادیڤ لە لایەن " سیڤرین میلیە" لە 14/8/2015 لە ڕۆژنامەی لومێند بە زمانی فرەنسی بڵاوکراوەتەوە

ئستاتیکای وشە لەشیعری نەوەی دونەوەی ئەمدا ... سەدیق سەعید واندزی

مالارمێی شاعیری فەرەنسی وجیهانی دەڵێت: (شیعرتەنهازمانە)ئەم بۆچوونەلایەن زۆرلەنووسەرانو ئەدیبانی دنیا،جەختی لێکراوەتەوە.ئەوەش وەك ئاماژەیەك کەزمان توخمێکی سەرەکی دەقی ئەدەبی بەگشتیودەقی شیعریشەبەتایبەتی. بەومانایەی ئەگەرلە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا وەك چیرۆك،رۆمان،جگەلەزمان توخمەکانی دیکەش لەشێوەی کاتووداووکارەکتەر،بینای هونەری دەق پێکبهێنن، ئەوالەشیعردا بینای هونەری دەق تەنها زمانە وزمان لەدەقی شیعریدا لەیەك کاتدا ئستاتیکای دەربرینو شیعریەتوچێژو وێنەی هونەری بەرجەستە دەکات. لەکاتێکدا لەچیرۆك و رۆماندا، زمان پترێکی گێرانەوە ووەسف وگوزارشت لەووداوەکان دەبینێت. زمان لە شیعردا،بەدەرلەوەی لەفۆرمێکی سادە، یا ئاڕاستەزدایە، ناوەرۆکێکی ساکار، یان بابەتێکی ئاڕاستەزو تەومژاوی هەیە، ئەوەی گرنگە ئەو زمانە چەند دەتوانێت شیعریەت، چێژومانا، دروست بکات. زۆرجارلەپشت زمانێکی سادەوە، مانای قووڵودەربڕینی هونەرییانەی جوان دەبینین. گەلێك جاریش لەپەنای زمانێکی ئاڕاستەزو تێکچێژاوەوە مانا ونەدەبێت.

لەبەر شێکی زۆری ئەزموونی شاعیرانی ئەمە وەك(شێرکۆ بێکەس_پەشێو_هێمن موکریانی_ هەفیق سابیر)و چەندان شاعیری تریش، زمان لەبەشێك لەدەقەکان لەفۆرمێکی سادەدایە، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەڵگری مانایەکی قووڵ، چێژوئستاتیکایەکی هونەرییانەی هێندەبەرزە، کەخوێنەر سەرسام دەبێت لەوەی چۆن لەپشت ئەو زمانە سادەوە، ئەوهەموومانابەتیوفەلسەفییانەدەبینین.

چۆکردنەوەی زمان وبیناکردنی وێنەی هونەرییانەی شیعری جوان، دەشێ لەڕگەی زمانێکی سادە لەفۆرمیشدا، بەرجەستە بکرێت. ئەوە تواناکانی شاعیرە کەچۆن و بەچ شێوەیەك زمان دەکاتە پانتاییەك بۆدروستکردنی شیعریەت وچێژلەدەقدا. بۆگومان ئەمە بەومانایە نییە کەزمانی شیعر هێندە سادەبکرێتەوە تائاستی زمانێکی نائەدەبی.

بەکوبەومانایەی چۆن لەگەڵی چەمك ودەستەواژە زمانییەسادەکان، جوانترین وێنەی شیعری دروست دەکەین. هاوشێوەی ئەوقوڵەی کەلەکاتی پرسەی قوربووندا، جگەلەکەرەستەیەکی سادە ونائستاتیکی، سەرنجکی ئەوتۆی ئەمەناکشێت. بەڵام لەهەمان ئەوقوڵەشدا راوەدەتوانرێت جوانترین گۆزەونەخشەی هونەری پێ دروست بکرێت.

لەوانگەیەشەوە دەشێ شیعریەت وئستاتیکای وشە لەگەڵ گەی زمانکی ساکارلەفۆرم وسادەلەناوەڕۆك، بێتە بوون. بەڵام بگومان زمان فابریکای دروستکردنی وشەیەوهیچ شاعیرێك ناتوانێت بەبێ بەردەوامی وقوربوونەوەو لەزمان وباکگراوەندی زمانی درێژە بە ئەزموونی شیعری خۆی بدات. چونکەلەوکاتەدا جگەلە کاوێژکردنەوەی چەند وشەیەك ناتوانێ بە وشەو دەستەواژەی شیعری تازە بگات. شەرکێ بکەس بێیە توانی بڕاوەی چەساڵ زیاتریش پێشەنگی ئەزموونی شیعری کوردی لەهەموو قۆناغەکانەوەبگرێت، چونکە ئەوهەرتەنهاشاعیرنەبوو، بەکو فەرهەنگکی زمانەوانیش بوو. لەشیعرەکانی ئەودا، هەرچی وشە ودەستەواژەی زمانی هەیە، بەرچاو دەکەون.شاعیرکاتێ لەزماندا دەتوانێ نوێبوونەوە بکات، ئەوالە شیعریشدا دەتوانێ هەمان نوێبوونە بکات. بگومان بئەزموونی شیعری شاعیرانی تریش.

لەوانگەیەوە کاتێ بەراوردی وشەی(شیعری) لەدەقی ئَستای شیعری نەوەی نوێ وشیعری هەفتاکانی سەدەی ڕابردووی ئەزموونی شیعری کوردی دەکەین، دەبینین لەزرلایەنی هونەری وئیستاتیکی، شیعری ئەوقۆناغە لە شیعری شاعیرەگەنجەکانی ئستامان جوانترە. وشەکان لەودەقە شیعریانەدا، ئستاتیکی تر، مانادارتر، شیعریەتردەکەونە بەرچاو کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکشن. گرانی شاعیر نیو سەدە زیاتر لەمەو بەر وشەی (ئاتونی داری) لەشیعردا بەرجەستە کردووە. ئەودەربینە زمانییە بئەوکات وئەزموونی شاعیرێك کەلەسەرەتای شیعر نووسیندا بووە، جرێك بووە لەداهێنان. چونکە وشەیەك دێتە نێوشیعرکەلە دەرەوەی زمانی باوی نووسینە. کەهەم مانادارە، هەمیش سەرنجی خوێنەر ڕادەکشێت. کاتێ سەرنج لەئەزموونی شیعری شاعیرانی هەفتاکانیش دەدەین، هەمان ئەوئستاتیکایەی وشەی شیعری لە ئەزموونی شاعیران دەبینین. بگومان لەلایەکەوە بە هۆی بزووتنەوەی ڤانگەو ەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی قۆناغی ئاشتی ودروستبوونی کەشێکی سیاسی ئازادو سەربەست، شاعیرانی ئەو قۆناغە توانییان ئەزموونکی دیکەی جیاواز لەووی نووسینی شیعرەوە بێنەئاراوە. کەبەقۆناغی ڤانگەدەناسرێت. لەوقۆناغەدا،چەندین وشەو دەربڕین و دەستەواژەی شیعری نوێ دەبینین، کەهەگری ماناو

چۆشیعریەتن. کاتێکیش ئەم وشانە بەراوردەکەین لەگەڵ بەشێك لەووشانەی لەشیعری نەوەی ئێستادا هەن، دەبینین شیعری هەفتاکان لەشیعری نەوەی ئێستا ئستاتیکیترە.

زمان لەبەشێکی زۆری شیعری ئەونەوەیە، هیچ هونەرکاریی و جوانکارییەکی تێدانییە، کەببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەر. لەهەندی کاتدا، هێندە لاوازو سادەو نائستاتیکی دەبێتەوە، وەك زمانی باوی جەماوەری لێدێت. ئەمە بەبۆای من وەك خوێنەرێك بەشێکی زۆری پەیوەندی بەنەبوونی ماناو ناوەڕۆك و پەیامی ئەو شیعرانەوە هەیە، کەهەندێکیان دەرەدێ و هەندێکیشیان ورێنەی شیعرین، نەك شیعر بەمانا ئاستەقینەکەی. لەکاتێکدالەشیعری هەفتاکان و بەتایبەتیش دوای هەرەس هەم شیعر بەگشتی و هەمیش وشەی شیعری بەتایبەتی، ئەرك وەزیفێکی هەیەلەدەقەدا. جاسیاسی، یاخودکۆمەڵایەتی و پەروەردەیی.لەشیعری هەفتاکاندا، بەتایبەتیش قۆناغی دوای هەرەس،وشە لەشیعردا زۆرتر لەمەدلولێکی شیعری هەیە، شاعیرانی کورد لەو قۆناغەدا، کەدەچێتە خانەی شیعری سیاسی وسیمای بەرگری و هەستانەوە و یاخیبوون، بینای هونەری دەق پێکدەهێنن، گەرچی لە ئاستی زماندا زمانێکی واقیعی و سادە بەسەریاندا زاڵە، بەڵام زمانێکە هەڵگری چەندان وێنەی هونەری جوانن، کەلەکاتی خوێنەوەیاندا، ئستاتیکایەك بەدەقەکە دەبەخشن. لەشیعری ئەوقۆناغەدا، بەرچەندان دەربڕین ومانای شیعری قووڵ دەکەوین.کاتێ بەراوردی ئاستی بەرجەستەکردنی وشە لەشیعری نەوەی هەفتاکان وشیعری نەوەی ئێستا دەکەین، دەگەینە ئەودەرەنجامەی لەبەشێکی زۆری پانتایی شیعری ئەو نەوەیە زمان ونە. ونبوونی زمان لێرەدا بەو مانایە نییە کەزمان لەشیعرەکاندا بوونی نییە، بەڵکو بەومانایەی زمانی دەربڕینی شیعریانە ونە.

کەزمانی دەقێکی شیعریش هەمان ئەوزمانە بوو کەکەسانی ئاسایی ڕۆژانەو لەکوچەو کۆڵانەکانی شارداقسەی پێدەکەن، ئیدی شیعریەت لەکوێدایە؟ ئەوکات چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان شاعیرێك و نانەواچییەك و کاسبکارێك؟ بۆیە دەڵێن شیعر زمانە، بەو مانایەی زمان کانگاو سەرچاوەی دروستکردنی وێنەی شیعری و ئستاتیکای وشەو چۆزو شیعریەتە. دەکرێ بێ بەرچاووونی زیاتر، بەراورد لەنێوان چەندەقێکی شیعری نەوەی هەفتاکان ونەوەی ئێستاش بکەین. ئەوکات ڕوونتر جیاوازی ئستاتیکای وشە لەنێوان هەردوونەوەدا لەئەزموونی شیعری دەردەکەوێت. بۆنموونە: (فەرهادشاکەلی) لەشیعرێکدا کەلەشوباتی 1976 ولەدوای هەرەس نووسیویەتی دەڵێت:*_

لەشەوێکی تاریکەدا..جوانووی ئەوین هەمدەگرێ..
ڕووەو جێژوانی شین دەمبات..
ڕووەو کێلگەی ئەوین دەمبات..
دەڵێن کەرکووك پێناکەنێ..ساوای بچووك پێناکەنێ..
دەڵێن وڵات بێ ڕووبارە.. هەتاو بریندارە..
کێ دەڵێ کوردستانی پەژارەو زام..بسکی هەتاو داناهێنێ..
لەدوای شەوی تاریك و ڕەش..ڵێژی زێڕین هەڵدێتەوە..
بەهاری شین دێتەوە..ڕەوتفەنگ بێ هێلانەی گەرمی سەنگەردێتەوە.

ئەم شیعرەی شاعیرکەئێمەچەندکێپێەیەکمان لێ نووسیوەتەوە، یەکێکە لەشیعری قۆناغەکانی ساڵی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو.
ئەگەرلەئاستی ناوەڕۆکدا بڕوانینە ئەودەقەی شاکەلی،دەبینین ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی سیاسی دیاریکراوە کەتیایدا خامۆشی هەموو شتێکی گرتۆتەوە. شاعیرلەنێوئەوهەموشکست وهەرەس و نائومێدییەدا، موژدەی هەڵهاتنی خێرێکی تازەو قۆناغێکی تازەدەدات. شاعیربەئاشکرا بەگژئەوواقیعە دادەچێتەوەوبڕوای وایە ڕەوتفەنگ سەنگەرچێناکات.پەیامی ئەوشیعرەپەیامێکی سیاسی،شۆڕشگێڕیی ونەتەوەییە. وڵرای ئەوەی پەیامی هەڵسانەوەیەوئومێددەبەخشێتە مرۆڤەکان.

شیعرلەوکاتدا،چەکێکی دیکەی دەستی پێشمەرگەبووو. شاعیران بەشیعرەکانییان، هانی تێخکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی گیانی نەتەوەیی ونیشتمانی مرۆڤی کوردییان دەدا. هاوکات چەندین وشەی شیعریش لەدەقەکەیدا دەبینین،کە ئستاتیکایەکییان بەدەقەکەداوە.شاعیرلەنێوئومێدییەکی گەورەدا، موژدەی هاتنەوەی ڕەوتفەنگ بۆسەنگەرەکان دەدات. کەدواتریش هاتنەوە. ئەم شیعرەی شاکەلی، کەلەبنەڕەتدا تێکستێکی درێژە، هەم لەڕووی ناوەڕۆك هەمیش لەڕووی فۆرمی شیعری،چێژومانا بەخوێنەردەبەخشێ. سەرنج بدەن شاکەلی شاعیر،چل ودووساڵ لەمەو بەرچ دەستەواژەووشەیەکی شیعرییانەی ئستاتیکی لەشیعردا بەرجەستە کردووە وەك:_(جێژوانی شین_ کێڵگەی ئەوین_ بسکی هەتاو_ بەهاری شین_ ڕەوتفەنگ_ ڵێژی زێڕین_پاپۆڕ وێنجەی پەرچەم_ پەلکە زێڕینەی ئەوین) وچەندان وشەی شیعری دیکەش کەبەسەریەکەوەلەڕووی فۆرمەوەئستاتیکایەکییان بەدەقەکەداوە. کەلەکاتی خوێندنەوەیدا، خوێنەرهەست بەجۆرێك لەچێژی شیعری دەکات. کاتێ بەراوردی ئەودەقەش بەنموونەبەدەقێکی شیعری نەوەی ئێستا دەکەین، یان شاعیرە گەنجەکانی ئێستا دەکەین، ئەوکات دەگەینە ئەوبڕوایەی کەشیعری دوێنێ لەڕووی وشەسازییەوە لەبەشێکی هەرەزۆری دەقەکانی نەوەی

ئەستائستاتیکی تره. ئەمەلەبەرامبەرئەوچەندوێنە شیعرییەدا، نموونەیەك لەشیعرێکی (هەنج سەنگاوی) دەنینەوە. سەنگاوی لەبەناو شیعرەکەیدا دەڵێت:_**

کاتێ لەبەغدا بەدەستوورێکی عەرەبی..
عەگاڵێکی عەرەبییان لەسەر کردی..
بەبۆی بادورە وڵات بەڵێیان کردی..
ئەوڕۆژە شینم بۆکردی..

خوێنەرکەئەوبەناوشیعرەدەخوێنێتەوە، نازانێ ئەمەشیعرەیان فەرمانگەی ئاو وئاوەڕۆ(لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆکارمەندەکانی ئەو بوارەکەدەزانم چەندماندوون). چ جوانی و هەهندێکی واتایی لەو شیعرەداهەیە؟ ئەودەستەواژەودەربڕینانەی لەدووتوێی ئەوچەند پەرەگرافەدایە،چ پەیوەندییان بەدنیای جوان وڕۆمانسییانەی شیعرەوە هەیە؟ ئەم دەربڕینانە جگە لەچەند چەمکێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی، هیچ بەهاوجوانکارییەکی هونەریانەیان نییە. ئستاتیکای ئەو وشانە، نەلەووی فۆرم، نەلەووی گوتارومانا، نەلەووی ناوەڕۆك، بەهای ئەوەیان نییە سەرنجی خوێنەرڕابکێشن. ئەکرێ شاعیرەوەك مرۆڤ هەڵوێستی سیاسی هەبێت، بەڵام شاعیران موڵکی نەتەوەن. پەیامی شاعیرپەیامێکی مرۆییە، نەك سیاسی وئایدۆلۆژی و شۆفێنی.

عەگاڵی عەرەبی،هەرچییەکوهەرچەنەك بێت ئاماژەیە بۆکلتووری نەتەوەیەکی جیاوازلەئێمە. ئەگەرئەوانە هێندە پەرۆشی کوردایەتین، بۆبەشداری پەرلەمانی عێراق دەکەن و بۆیەکپارچەیی خاکی عێراق سوێند بەقورئانی پیرۆز دەخۆن؟ئەمە بابەتێکی دیکەیە. بەڵام گەر سەرنج لەوێنە شیعرییەکان بدەین کەوابزانم سەنگاویش لەشیعرەکەیدا مەبەستی شاری کەرکوکە، دەگەینە ئەوبۆوایەی کەشاعیرێك چل و دووساڵ لەمەوبەر،چەندلەشاعیرێکی نەوەی ئێستای شیعری کوردی داهێنەرتربووە. چ دنیابینییەکی شیعری ودەستەواژەی شیعری، لەدەقەکانیدا بەرجەستە کردووە. بۆگومان ئەگەربۆوانینە ئەزموونی شاعیرانی دیکەش،هەنگە هەمان،جیاکاری ببینین.

(کامبس کیشوەرێکی دیکەدەزێتەوە) ناونیشانی نامیلکە شیعرییەکی شاعیری کۆچکردوو(ئەبوبەکرخۆشناو)ە. شاعیرلەتەمەنی بیست ساڵی ولەژێرستەم وقامچی ژۆمی شۆفێنی بەعس، ئەوشیعرانەی چاپکردووەو وەك مانفێستێکی یاخیبوون لەدژی ئەودەسەاتە، شیعری نووسیوە. شیعرەکان سیمای بەرگری وهەستانەوەو،هاتنەوەبەگژ شکستییان پێوەدیارە. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنی من بوو

وەك خۆنەرك، بەرگی نامیلکەکەبوو. شاعیرلەبەرگی پشەوەی کۆمەڵە شیعرییەکەیدا، وێنەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆی زەوی کۆشاوەوبەتاخی بەشکی لەوێنەکە نیشانە کردووە،کەنەخشەی کوردستانی گەورەیە.من کەئەم نەخشەسازییەم بینی،سەرسام بووم کەچۆن شاعیرك لەسەردەمی ژێردەستەیی و ستەمی سیاسی و نەتەوەیی، لەسەردەمی پەت و سێدارەو قامچیدا، لەسەردەمی بەعس وجەلادەکانیدا، لەسەردەمی خامۆشی دوای هەرەس، ئەو دنیابینییە شیعریەی هەبووە. ئەوهەموو بۆریەی هەبووە،سەرکۆشی بەژیانی خۆی بکات. ئەمە وەڵامی ئەوەی شیعرەکانی هەموویان گوزارشتن لەخەبات و قوربانیدان وبەرزکردنەوەی گیانی نەتەوەیی ونیشتمانی. خۆشناو لەشیعرکی کورتی چەندێدا، لەو کۆمەڵە شیعرەدا دەڵێت:_***

ئێرە ژووركی تاریکە…
دەگەڵم بێ پەنجەرەیەك…
تاکوتیایدا بخەمەوە پشووی درێژی هەناسەیەك..
ئێرە ژووركی تاریکە..

شاعیرئەوشیعرەی مانگێك دوای تێکچوونی شۆشی ئەیلوول و ڕێکەوتنامەی یانزەی ئازارنووسیوە. ئەوشیعرە،لەچەندوشەیەکی سادەپێکهاتووە. ئاستی واتایی وشەکان، لەووی ئاماژەی زمانیدا، بێ هەموان ڕوونن. بەڵام لەپشت ئستاتیکای ئەو وشانەوە،شاعیر مانایەکی قووڵی بەرجەستەکردووە. پەیامی ئەوچەندوشەیە، پەیامێکی سیاسی ومرۆییە، کەئامانج لێی ئازادی و سەربەستی تاکەکانە. لەژێرسایەی دەسەڵاتێکی شۆفێنیدا. ئێرەژووركی تاریکە، ئاماژەیە بۆ ئەو ژینگەو جوگرافیایەی کەشاعیرلەوکاتەدا، واتەساڵی 1976تیایدا ژیاوە. ئەوژوورە تاریکە، وەاتێکی زیندان ئاسای داخراوبووە بەدەستی ژۆمی بەعس و جەلادەکانییەوە.کەلەوکاتدا، بەتایبەتی دوای دەستپێکردنەوەی شۆش، سەدان کەسیان لەسێدارەدران.

شاعیربەدوای هەناسەیەك دەگەڵت، بەڵام ئەوهەناسەیە،هەناسەی نۆوسییەکانی ژیانی ئەونییە، کە ئەوکاتیش هەناسەدەدات. بەکوهەناسەیەکە کەلەدۆخێکی ئازادی وسەربەستیدا بدرێت. ژیانی مرۆڤەکان لەوکاتەدا، لەژیانی نێو ژووركی تاریك دەچوو. چونکەهەموسووچێکی ژیان، بەعس تەنیبووی. خۆشناوی شاعیرلەدووتوێی ئەوچەند وشانەدا، وێنەیەکی شیعری چەندجوانی بەرجەستەکردووە. پەیامێك لەڵگەی شیعرەکەیەوە بەگوێی هەمووان دەدات، کەژیانی بێ ئازادی و سەربەستی، لەژیانی بێ پەنجەرە دەچێت، کەهیچ هەناسەوکاوە ژنەیەکی تێدا نەبێت. لەبەرامبەر ئەو چەندڕەهەندەی

شیعرەی شیعری هەفتاکاندا، نموونە لەشیعری شاعیرێکی نەوەی ئێستای شیعری کوردی دێنینەوەکەئەویش(بەشدارسامی)یە. شاعیرلەوشیعرەیدا، لەکۆپلەیەکدا دەڵێت:_****

خەریکم بۆ چێشتخانەیەك دەچم.
داوای پێنج جۆرخواردن دەکەم..
دواتریش دەچمە چایخانەیەك..
داوای شەش چا دەکەم..

ئەگەرلەئاستی فۆڕمی شیعریدابووانینە ئەوچەنددێڕانە، ئەوا بۆگومان بەرهیچ ئستاتیکاوشیعریەتێك ناکەوین. وشەکان وشەی نامۆزیکی وناشیعرین. ئەو وشانەن کەهەنگەهەموومان بەشێوەیەکی هەمیشەیی وڕۆژانە، بەکاریان بێنین. چونکەڕۆژانەملیۆنان کەس لەماڵەوەو لەچێشتخانەوچایخانەکاندا، نان دەخۆن ودواتریش چایەك نەك شەش چا دەخۆنەوە. وشە لەوچەند دێڕانەدا هیچ جوانکاریەکییان نییە تاکو ببنە جێگەی سەرنجی خوێنەر.ئەمە لەلایەك،لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لەئاستی ناوەڕۆکدا بووانینە ئەم چەندوێنانە، دەبینین شاعیر بانگەشەی زۆرخۆری دەکات. باس لەوەدەکات گەدەمان لە بۆی هزرمان تێربکەین. ئەگەر خواردن و خواردنەوە وەك پێداویستییەکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان ببینین، بۆگومان کەس بۆ خواردن ناژیت. ئەمە گرفت نییە، بەڵام ئایادروستە کەچووینە چێشتخانەیەك، داوای شەش جۆری خواردبکەین؟ ئاخۆخواردنی زۆرچەندەحەزووئارەزوو بێت،هەزارئەوەندەش مەترسی نییە بۆسەر ژیان وتەندروستیمان؟ کێشەی ئێمەلەوەدایە. لەنێوان چێشتخانەیەك و چێشتخانەیەکی تردا، یەکێکی دیکەیان هەیە. بەڵام هەمووشارێك کتێبخانەیەکی هەیە. ئەگەر کەمەلگایەك لە خەمی ئەوەدا بێت گەدەی تێر بکات، ناپرژێتە سەرەوەی هزری تێربکات. شاعیردەبۆ بەشیعرەکانی بەگژئەودیاردە نادروست وناپەروەردەییانە دابچێتەوە کەبەشێکن لەنەخۆشی کەمەڵایەتی کەمەلگە. دەبۆ لەڕێی پەیامی شیعرەکانیەوە، مرۆڤ هوشیار بکاتەوەو فێری ئەتەکنیکی خواردن و ژیانیان بکات.

نەك کە چوونە چێشتخانەیەك، لەبۆی خواردنێك داوای شەش جۆربکەن. خوێنەر کاتێ ئەو دەربڕینانە لەشیعری نەوەی ئێستا دەبینێت و بیری فۆڕمدانی پەچەی شەرمی شیعری بکەسیش دەکات،کەهەفتا ساڵ زیاترلەمەوبەرباسی نەمانی جیاوازی نێرو مێ دەکات، ئەوکات باشتر لەماهیەتی شیعری ئەو نەوەیە دەکات.باشتر درك بەئاستی نووسینی شیعری ئێستاودوێنێ دەکات. هەبەتە، ئەگەربەشیعری قۆناغی هەفتاکان دابچینەوە، وەك قۆناغێکی شیعری کەشیعرەکان جۆرێك لە زمانی

ئایدۆلۆژیاو ڕیالیزمیانەشیان هەبووە، بەڵام وێنەی شیعری جوانیش دەبینین.واتە شاعیرانی ئەوقیناغە بەگشتی هەر تەنها فۆرمی شیعرو ئستاتیکای وشەیان بایەخ پێنەداوە، بەڵکو لەئاستی گوتارو ناوەڕۆکیشدا، هەڵگری گومان و پرسیارو لێکدانەوەی دیاردەکانی ژیان بوونە.

لەپەراوێزیشەوە هەخنەیان کردووە. هاوکات هانی مرۆڤی کوردییان داوە، هەمیشە بە گشت ژیانی باوو دابچێتەوە یاخی ببێت لە ئاست ئەو کێت و بەندانەی ئازادییەکانی مرۆڤ سنووردار دەکەن. بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری شیعری نەوەی ئێستا کەنەناوەڕۆك، نە زمانی شیعریشیان لەو ئاستەدا نییە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشن. بگرە هەندێ جارزمانەکەیان هێندە سادەو ناشیعری دەبێتەوە، کەخوێنەر لەخۆی بپرسێت کەئەمە شیعرە، یاخود وێنەی کەسێکی نەخۆش کە لەتایەکی بەرزدایە.هەتا بەشێکی زۆری شیعری ئەوەنەوەیەش بەراورد بکەین بەشیعری هەفتاکان، باشتر ماهییەتی پووچگەرایی شیعری بێ ناوەڕۆك و ئەرزشمان لای ئەونەوەیە بۆدەردەکەوێت. لەشیعری هەفتاکاندا(جەلالی میرزا کەریم) ناوێکی دیاروبەرچاوە.شیعرەکانی هەڵگری پەیامێکی مرۆیی و شۆڕشگێرین کەهەمیشە خەون بە ژیانێکی شایستەتر دەبینێت. ئەم شاعیرە داهێنەرە لەشیعرێکیدا کە لە ساڵی 1971 بڵاویکردۆتەوە دەڵێت:*****_

دڵدارەکەم…دوای خوێندنەوەی ئامۆژگاریی..
سێبەری تەرمی مردووان بە خوێن بشۆن..
سەرهەڵگرن بۆن بۆن..
ڕێکخەری شار وتی بێ کوڵ سەرهەلگرم..
قورگی کام نەهەنگی تاری دەریای شەوگار.. بە سەوڵی پرچم هەڵدرم..
سەرهەڵگرن بۆن.. جارێکی تر سەنگەر بە خوێن بەگڕبشۆن..

چل و هەفت ساڵ لەمەوبەر، جەلالی شاعیرچەندین وشەی جوانی لە شیعرەکەیدا بەرجەستەکردووە، کەکاتێ خوێنەردەیخوێنێتەوە، سەرنجیان ڕادەکێشێت.(سێبەری تەرم)(قوڕگی نەهەنگ) (سەوڵی پرچ)(سەنگەری گڵ). ئەم وشانەبەسەریەکەوە، لەپاڵ مانایەکی شیعری، ئستاتیکایەکیشیان بەدەقەکە داوە. بەگومان ئەگەرلەئاستی هێزووتوانا بۆوانینە پرچی مرۆڤ، ئەوا هەرگیز ناتوانێت ببێتە سەوڵ. بەڵام داهێنان و جیاوازی ئەم شاعیرە لەوە دایە کەپرچ دەکاتە سەوڵ.

بەڵام وەزیفەی شیعرلێرەدا کۆتایی نایەت، بەکودەست پێدەکات. ئەم قۆناغەرتەنها بۆماتریالێکی مردوو نابێتە سەوڵ. بەکوکاروئامانجی

خ‌ی هه‌یه. ئه‌ویش ده‌بێ قورگی نه‌هه‌نگی ده‌ریای شه‌وی تاری پڕ ببڕێت تاکوئاسۆ ده‌ربکه‌وێت. ده‌بێ سه‌نگه‌ر به‌خوێن به‌گڕبشۆن، بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌ینه خ‌ۆری ئازادی. بێگومان من ده‌زانم له‌نێوان ئه‌رك و ڕێگای شیعرله‌هه‌فتاکان وئێستادا، جیاوازییه‌کی چه‌ندگه‌وره‌ی مۆژوویی و بابه‌تی و کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌یه.

بۆیه‌مه‌به‌ستی ئێمه‌ئه‌وه‌نییه شاعیرێکی ئێستا، وەك هه‌فتاکان بنووسێت.چونکه ده‌زانین ناوه‌ڕۆك وپه‌یامی شیعرجیایه‌له‌ئێستادا به‌ڵام شیعربه‌گشتی هه‌ڵگری پەیامێکی ئینسانییه.ئه‌وه‌ه‌هه‌نده‌ئیسنانییه پەیوەست نییه‌به‌قۆناغێکی دیاریکراو. ده‌شێ له‌هه‌مووکاتێکدا هه‌ڵنگبداته‌وه.چه‌ند ژیان ئاڵۆزبێت، چه‌ندمرۆڤ له‌نێوخه‌مه‌کانی بوون وەڕگاردا نغرۆببێت، ئه‌وه‌ه‌هه‌نده ئینسانییه قووترده‌بێته‌وه. له‌به‌شێکی زۆری شیعری نه‌وه‌ی ئێستادا، ئه‌و هه‌ه‌نده‌ونه.شیعربۆته‌قسه‌ی ڕۆژنامه‌زکراوی بێ مانا‌و بێ فۆڕم و ناوەڕۆك. بۆته‌نووسینه‌وه‌ی دیارده‌کانی ڕۆژ.ئه‌زموونه‌تایبه‌تی و که‌سییه بێ مانا‌کانی خ‌ۆیان که‌هیچ پەیوەندییه‌کییان به‌خ‌ۆنه‌ری شیعره‌وه‌نییه.ئێمه لێره‌داوەك خوێنه‌رێك له‌به‌رامبه‌رئه‌وشیعره‌ی(جه‌لالی میرزا که‌ریم)دا، نمووونه‌له‌شیعری شاعێرێکی نه‌وه‌ی ئێستادێنینه‌وه.(غه‌مگین بڕۆی) له‌شیعرێکدا ده‌ڵێت:_******

بمخه‌نه قۆدییه‌ك..
سه‌رم له‌سه‌ر دابخه‌ن..
تاسه‌رده‌مێکی تر..
له‌پەراوێزی ونبووندا بمشارنه‌وه..

شاعیر له‌بڕی ئه‌وه‌ی به گژ ئه‌و اقیعه‌دا دابێته‌وه که تیایدا له‌نامۆبوون و به‌ریه‌ککه‌وتندایه، به‌پێچه‌وانه‌وه خ‌ۆی له‌قۆدییه‌کدا ده‌شارێته‌وه. واته به‌کورتییه‌که‌ی هه‌ڵدێت. بۆخ‌ۆی ده‌ژیت و ئیدی باکی به‌وه‌نییه‌له ده‌وروبه‌ری چی ده‌گوزه‌ڕێ، چی ڕووده‌دات. ئه‌وه‌گرنگه خ‌ۆی له‌و سه‌رده‌مه‌دا هه‌بێت و له‌پەراوێزێکدا بیشارنه‌وه. بێگومان مرۆڤیش که‌خ‌ۆی شارده‌وه ئیدی هیچ ڕۆڵێکی له‌ئاست گۆڕانکارییه‌کان نابێت. ناتوانێت ئه‌و واقیعه‌ی تیایداده‌ژیت، به‌واقیعێکی گونجاوتربگۆڕێت.شاعیران نابێ بچنه‌وه نێوخ‌ۆیان. ده‌بێ یاخی ببن.

ده‌بێ هه‌وڵی جوانترکردنی ژیان بده‌ن. ده‌بێ مرۆڤه‌کان فێربکه‌ن به گژواقیعی دڵگمادابچنه‌وه. ده‌بێ له‌ڕۆی شیعره‌وه‌ئه‌وهه‌سته‌یان لا دروست بکه‌ن که‌ژیان هه‌رکاتێ وەستا بگه‌ن وزه‌کاوده‌بێت. شاعیر ده‌بێ له‌ڕۆی پەیامه‌شیعرییه‌که‌یه‌وه ئه‌وهه‌سته لای هه‌موومان دروست بکات که‌ژیان

